# ڕۆڵی کولتوری سیاسی لە بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسیدا
# توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە

د. کەنعان حمە غریب عبدالله*          کارزان حمە احمد**

وشە کلیلییەکان: کولتوری سیاسی، گۆڕانی سیاسی، میدیای نوێ، قوتابخانەی فرانکفۆرت، بەرهەڵستیکردن

https://doi.org/10.31271/jopss.10095

## پوختە

ئەم توێژینەوە هەوڵیداوە لە ڕۆڵی کولتوری سیاسی لە بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسیدا بکۆڵێتەوە. مەبەستێتی ئەوە دەستنیشان بکات کولتوری سیاسی دەتوانێت چی جێکەوتێکی نەرێنی لەسەر پرۆسەی گۆڕانی سیاسی هەبێت؟ ئایا یەك فۆڕمی دیاریکراو لە کولتوری سیاسی هەیە ئەو ڕۆڵە ببینێت؟ بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی لەم شێوەیە، توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی ئیستقرائی بەستووە، بۆئەوەی شیکاری زانیارییەکان بکات و توێژینەوەکە لە دەرئەنجامێکی ویستراو نزیك بکاتەوە. ئەوەی کە ڕوونبووەتەوە ئەوەیە، کولتوری سیاسی توانای بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی هەیە. یەك فۆڕمی دیاریکراوی نییە بە گۆڕانی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا نەیات، بەڵکو چەمکێکی گۆڕاوە، لەگەڵ سیستەمی سیاسی باڵادەست و کۆمەڵگەدا لەپەیوەندی و کارلێکدان. چەند فۆڕمێك لە کولتوری سیاسی هەیە و توانای هەریەکێکیان لەبەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسیدا جیاوازە، بەمانایەکی تر هەریەکێکیان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا باڵادەستن. بەشێوەیەکی گشتی ئەم فاکتەرە دەتوانێت لە هەر سیستەمێکی سیاسیدا بەرهەڵستی گۆڕانی سیاسی بکات، بەتایبەتی لە سیستەمە دیکتاتۆری و نیمچە دیموکراسییەکاندا کە خاوەن کۆمەڵێك بەهان ڕێز لە خواست و ئازادییەکانی مرۆڤ ناگیرێت. لەم نێوەندەدا دەکرێت میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش نەخشی خۆیان لەسەر کولتوری سیاسی بەجێبهێڵن و لەم بەرهەڵستییەدا ڕۆڵیان هەبێت.

## الملخص البحث

### دور الثقافة السياسية في مواجهة التغيير السياسي - دراسة نقدية تحليلية

حاول هذا البحث التحقق من دور الثقافة السياسية في مقاومة التغيير السياسي. والذي يسعى الى

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی Kanaan.abdullah@uhd.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر لە کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان / زانکۆی سلێمانی Karzan.ahmad@univsul.edu.iq

تحديد مدى امكانية الثقافة السياسية في خلق تاثير السلبي على عملية التغيير السياسي؟ هل يوجد نموذج محدد من الثقافة السياسية يمثل هذا الدور؟ لتحقيق مثل هذا الاهداف يعتمد البحث على منهج الاستقرائي, لكي يقوم بتحليل المعلومات ويقرب البحث من نتائج المطلوبة. ما هو واضح أن الثقافة السياسية لديها القدرة على مقاومة التغيير السياسي. ليس هناك نموذج محدد من الثقافة السياسية لم يتغير بتغير الزمان والمكان, وانما مفهوم متغير, في تفاعل مستمر مع النظام السياسي والمجتمع. وهناك عدة نماذج من الثقافة السياسية ولكل منها امكانيات مختلفة في مواجهة التغيير السياسي, بمعنى اخر ان اي منها نموذج مسيطر في مجتمع محدد. وبشكل عام يستطيع هذا العامل مواجهة التغيير السياسي في أي نظام السياسي, وخاصة في الانظمة الدكتاتورية وشبهة الديمقراطية, الخالية من تقدير حرية الانسان. أيضا في هذه أطار يمكن أن يكون لوسائل الاعلام الجديدة والمواقع التواصل الاجتماعي تأثيرها الخاص على الثقافة السياسية وتشارك في هذه المقاومات.

**Abstract**

**Role of Political Culture to Resist Political Change - A Critical Analysis Study**

This study has tried to analyze the role of political culture in resistance to political change. It is the basic goal of the study to identify, how political culture could leave a negative impact on the political change process? is political culture has an unchangeable form to do this role at any time? To this end, the research uses appropriate methods. The method that has been used is the inductive method. The result that the study obtained, is, political culture can resist political change, and is not a static concept, does not change according to time and place, but a variable one, and in interaction with the political system and society. Political culture has many forms, and each of which has its ability that distinguished it from others, in other words, each of them has its influence on a specific society. In general, this factor could be opposite to political change in any political system, particularly in dictatorial and quasi-democratic systems, in which some values and norms are imposed itself that violate people's demands and freedom. Also In this circumstance, the new media and social networks could have their effect on political culture and share in this resistance.

## پێشەکی

گۆڕانی سیاسی وەك پرۆسەیەکی گرنگ و بەردەوام، دەتوانێت ژیانی سیاسی و تەنانەت بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری،... گەلان بەئاراستەی پێشکەوتن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ببات، بەڵام ئەم پرۆسە پڕبایەخە بێ گرفت نابێت، بەڵکو پێشبینی بەرهەڵستیکردن شتێکی زەحمەت نییە، چونکە دەکرێت ڕووبەڕووی فۆڕمی بەرهەڵستیکردنی جۆراوجۆر ببێتەوە. بۆیە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر شێواز و فۆڕمی ئەو بەرهەڵستیيانە بەهایەکی زانستی گەورەی دەبێت. ئەم توێژینەوەیەش دەیەوێت ڕۆڵی کولتوری سیاسی وەك یەکێك لە فۆڕمەکانی بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی بکاتە چەقی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی بکات. بەگشتی ئەمەش سودێکی باشی دەبێت بۆ تێگەیشتن لە فۆڕمی بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی لەسەر بنەمای کولتوری سیاسی لە هەر سیستەمێکی سیاسیدا، بەتایبەتیش بۆ تێگەیشتن لە دۆخی کولتوریی ئەو کۆمەڵگانەی کە لە سایەی سیستەمێکی دیکتاتۆریدا دەژین، یان دۆخی ئەو کۆمەڵگانەی سەرباری لەناوچوونی سیستەمی نادیموکراسی، بەڵام هێشتا لە دۆخێکی سیاسی ناهەمواردا دەژین، ڕەنگە لەپاڵ فاکتەری تردا، کولتوری سیاسی یەکێك بێت لە فۆڕمە بەرهەڵستیکارەکان.

### گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەو ڕووەوە دەردەکەوێت لەڕێگەی گەڕان بەشوێن هێز و توانای کولتوری سیاسی بۆ بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسیدا، زانیاری زانستی لەو بارەیەوە دەخاتەڕوو. بەگشتی ئاشنامان دەکات بە لەمپەری کولتوری سیاسی لە هەر سیستەمێکی سیاسیدا، بەتایبەتیش لە دۆخی ئەو کۆمەڵگانەی تاوەکو ئێستا لە سایەی سیستەمێکی دیکتاتۆری یان نیمچە دیموکراسیدا دەژین.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە مەبەستێتی لە ڕۆڵی کولتوری سیاسی لە بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی بکۆڵێتەوە، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی میدیای نوێ لەسەر کولتوری سیاسی و هاوبەشیکردنی لەم بەرهەڵستییەدا ڕوونبکاتەوە. لە هەمان چوارچێوەدا ڕوانگەی بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەهەند وەرگیراوە، بۆ خستنەڕووی فۆڕمی بەرهەڵستیکردنی کولتوری لە کۆمەڵگا دیموکراسییە سەرمایەدارییەکاندا.

### گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، ئایا کولتوری سیاسی دەتوانێت بەرهەڵستی گۆڕانی سیاسی بکات؟ ئەگەر دەتوانێت، ئایا بەچەند شێوە دەتوانێت؟ ئایا یەك جۆر کولتوری سیاسی هەیە،

لە هەموو کۆمەڵگە و سیستەمێکی سیاسیدا چونیەك بەرهەڵستی هەر گۆڕانێکی سیاسی دەکات؟ میدیا میدیای نوێ چی جێکەوتێکی نەرێنی لەسەر ئەم بابەتە هەیە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

مەزەندەی ئەوە دەکرێت کولتوری سیاسی ئەو توانایەی هەبێت بەرهەڵستی گۆڕانی سیاسی بکات، بەڵام زەحمەتە بتوانێت لە هەموو کۆمەڵگە و سیستەمێکی سیاسیدا بەیەك چەشن ڕێگری لە گۆڕانی سیاسی بکات. بۆیە دەکرێت توخمە کولتورییەکانی بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی لە هەر سیستەمێکی سیاسیدا بەگشتی و لە سیستەمە نیمچە دیموکراسی و دیکتاتۆرییەکاندا بەتایبەتی بدۆزرێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

بۆ بەدیهێنانی ئەنجامێکی زانستی خوازراو، تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی لەسەر بنەمای کولتوری، توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی زانستی بەستووە. بۆ شیتەڵکردن و تێگەیشتن لە بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی لەسەر بنەمای کولتوری پشتی بە میتۆدی ئیستقرائی (هەڵهێنجاندن) بەستووە.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە پێشەکییەك، سێ باس، دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە باسی یەکەمدا گفتوگۆ کراوە لەسەر کاریگەری کولتوری سیاسی لەبەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسیدا. لە باسی دووەمدا کاریگەری میدیای نوێ لەسەر کولتوری سیاسی و لە بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی خراوەتە بەرباس. لە باسی سێیەمدا ڕوانگەی بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی لەسەر بنەمای کولتوریی لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا شرۆڤە کراوە.

## باسی یەکەم

## کاریگەری کولتوری سیاسی لە بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسیدا

لەم باسەدا ڕۆشنایی دەخرێتەسەر فاکتەری کولتوریی لە بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسیدا، بۆئەوەی بزانرێت چەند فۆڕم لە کولتوری سیاسی هەیە؟ کولتوری سیاسی چۆن و بەچی شێوەیەك دەتوانێت ڕێگری لە پرۆسەی گۆڕانی سیاسی بکات؟

کولتوری سیاسی وەك بەشێك لە کولتوری گشتی کۆمەڵگە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٦ لەسەر دەستی زانای ئەمریکی (گابرێل ئەلمۆند) لەناو زانستی سیاسەتدا بووە بابەتی لێکۆڵینەوە، کە لەڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسییەوە (political socialization) بۆ نەوەکان دەگوازرێتەوە[١]. کولتوری سیاسی یارمەتی تێگەیشتن لە بنەما و سروشتی سیستەمی سیاسی و پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات دەدات، کە هاووڵاتییان چی چاوەڕوانییەکیان لە دەسەڵات هەیە. دەتوانرێت هەر لەم ڕێگەیەوە لێکۆڵینەوە لە ئاستی بەشداری سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بکرێت[٢]. لەسەر ئەم بنەمایە لەوانەیە بەهەمان شێوە لەڕێگەی کولتوری سیاسییەوە بتوانرێت ڕێگری لە گۆڕانی سیاسی دەستنیشان بکرێت. پەیوەست بەمەوە تێگەیشتنێك کولتوری سیاسی وەك ئامرازی دەستی چینی فەرمانڕەوا دەبینێت، کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکات[٣]. بەم شێوە کولتوری سیاسی، وەك هۆکاری بەرهەڵستی گۆڕانی سیاسی نیشاندەدرێت. هەر لەم بارەیەوە، دەوترێت یەکێك لە ئامانجەکانی پێگەیاندنی سیاسی، کە لەڕێگەیەوە کولتوری سیاسی دەگوازرێتەوە، بریتییە لە درێژەدان بەدۆخی باو و پاراستنی سیستەمەکە[٤]. بەڵام تێگەیشتنی تر هەیە، بەشێوەیەکی ئەرێنیتر سەیری دەکات، پێیوایە هەر سیستەمێکی سیاسی پێویستی بە کولتورێکی سیاسی هەیە بۆئەوەی پارێزگاری لێبکات، بۆیە هەرچەندە سیستەمی تاکڕەو و خۆسەپێن، تاکەکان فێری ترس و ملکەچی دەکات، بەڵام

(١)- إبراهيم عبد السلام أحمد عبد المطلب، معوقات التنمية السياسية وأثرها على استقرار السياسي في السودان، رسالة ماجستير، جامعة النيلين، كلية الدراسات العليا، قسم العلوم السياسية، ٢٠١٨، ص ص٧٤-٧٥.

(٢)- لە بارەی گرنگی و ئەرکەکانی کولتوری سیاسییەوە، بڕوانە: حليلو نبيل، التنمية في ضوء الثقافة السياسية للطالبة الجامعيين: دراسة على عينة من الطلبة الجزائريين بالجامعات الجزائرية، الأطرحه دكتوراه، جامعة محمد خيضر-بسكرة/ كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية/ قسم العلوم الاجتماعية، السنة ٢٠١١-٢٠١٢، ص ص٩٥-٩٧. هەر لەم بارەیەوە (دانیاڵ ئێلەزار) سێ خاڵی گرنگ دەخاتەڕوو، بڕوانە:

Betty A. Dobratz, Lisa K. Waldner And Timothy Buzzell, Power, Politics, And Society: An Introduction To Political Sociology, Routledge, London, 2016, p.104.

(٣)- عەبدول عەلی قەوام، بەربەستەکانی گەشەسەندنی سیاسی، و: هیوا مەجید خەلیل، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٢٤.

(٤)- د. عەبدولڕەحمان عالم، بنەماکانی زانستە سیاسیەکان، و: دلاوەر عەبدوڵڵا، محەمەد کەریم، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٣٦.

حوکمی دیموکراسی پێچەوانەی ئەوەیە(١). بۆیە لەوانەیە دروست ئەوەبێت، هەردوو کولتوری سیاسی و سیستەمی سیاسی لەپەیوەندی و کارلێکێك و ئاڵوگۆڕدان، و کاریگەری لەسەر یەکتری دادەنێن(٢).

دەربارەی فۆڕمێکی دیاریکراو لە کولتوری سیاسی، هەندێك پێیانوایە کولتوری سیاسی نەتەوەیی چەمکێکی تەمومژاوییە، لەبری ئەوە، دەبێت لەسەر بنەمای ڕەگەز و چینە کۆمەڵایەتییەکان، چینی ناوەند، خوێندەوار و نەخوێندەوار، فۆڕمەکانی کولتوری سیاسی دیاریبکرێن(٣). کولتوری سیاسی نەك لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، بەڵکو لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازە، فاکتەرەکانی ئیتنیك و ڕەگەز و شوێنی نیشتەجێبوون و پیشە ...، کاریگەرییان لەسەری هەیە(٤). هەر بۆ نمونە دەوترێت دەستەبژێری سیاسی خاوەن کولتورێکی تایبەت بەخۆیانن، چونکە زۆرجار لە چینی ناوەند و خوێندەوارەوە هاتوون، دەتوانن لەنێوان خۆیاندا بەهەماهەنگی کاری هاوبەش ئەنجامبدەن، بەراورد بە کولتوری سیاسی هەموو کۆمەڵگە، ئەمان زۆر ڕێکخراون(٥).

هەرچەندە (پۆلێنکاری تر)(*) بۆ کولتوری سیاسی هەیە، بەڵام هەریەك لە (ئەلمۆند و ڤێربا) سێ جۆر لە کولتوری سیاسی دەستنیشان دەکەن، کە زیاتر سروشتی کۆمەڵگەکان و دواتریش سیستەمی سیاسی کراوەتە بنەما، بەم شێوە: یەکەم: بریتییە لە کولتوری سیاسی بەرتەسك یان کلاسیکی (parochial political culture)، کە تایبەتمەندی کۆمەڵگەی خێڵەکی و سەرەتاییە، ئەم فۆڕمە هیچ چاوەڕوانییەکی لە سیستەمەکە نییە، سەرۆکی خێڵ شتەکان ئاراستە دەکات، ئەو ڕۆڵە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەدەبات. دووەم: بریتییە لە کولتوری سیاسی ملکەچی ( subject political culture) لێرەدا ئەرك هەیە، بەڵام بەشداری نییە. سێیەم: بریتییە لە کولتوری سیاسی بەشداری (participation political culture)، لێرەدا هاووڵاتییان بواری بەشدارییان هەیە، لەسەر پرسەکان بۆچونی خۆیان دەردەبڕن(٦). سەرباری ئەم دابەشکارییە، هەریەك لە (ئەلمۆند و ڤێربا)، باوەڕیان وایە ئەم سێ فۆڕمە لە کولتوری سیاسی، دابڕاونین لەیەکتری، بەڵکو دەکرێت لە کۆمەڵگایەکدا پێکەوە بوونیان هەبێت، ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بالادەستی یەکێك لەو فۆرمانە بەسەر ئەوانی تردا

(٥)- إبراهيم عبد السلام أحمد عبد المطلب، مصدر سابق، ص ص٧٨-٧٩.

(٦)- بڕوانە: سەروەر حەمە ئەحمەد، ڕۆشنبیری سیاسی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣، ل٤٧.

(7)- Rod Hague, Martin Harrop and John McCormick, op. cit. p.203.

(٨)- سەروەر حەمە ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

(1)- Kenneth Newton, Jan W. Van Deth, Foundations Of Comparative Politics: Democracies Of The Modern World, 2nd ed. Cambridge University Press, Cambridge, 2010, p.179.

(*)- (دانیاڵ ئێلەزار Daniel Elazar)، سێ جۆر لە کولتوری سیاسی دیاریدەکات، کە بریتین لە: یەکەم: کولتوری تاکگەراییانە. دووەم: کولتوری ئەخلاقی. سێیەم: کولتوری نەریتگەراییانە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Rod Hague, Martin Harrop and John McCormick, op. cit. p.202.

(2)- Gabriel A. Almond, Sidney Verba, the civic culture-Political Attitudes and Democracy in Five Nations, Princeton University Press, New Jersey, 1963, pp.17-19.

دیاریدەکات[1]. سەرەڕای ئەمەش، دەکرێت ئەم سێ فۆڕمە لە کولتور بکرێتە بنەما.

لەسەر بنەمای ئەوەی خرایەڕوو، لە کۆمەڵگە خێڵەکی و سەرەتاییەکاندا، کە خاوەن کولتورێکی سیاسی بەرتەسکن، مەزندەی ڕوودانی گۆڕانی سیاسی زۆر لاوازە، چونکە هاووڵاتی هیچ ڕۆڵێکی نییە، دەربارەی ئامانجە سیاسییەکان و ژیانی سیاسی شتێکی وانازانێت مەگەر بەشێوەیەکی زۆر کەم[2]. لێرەدا دەتوانرێت ئاماژە بەچەند نمونەیەك لە کولتوری سیاسی بەرتەسك بدرێت، کە وەك لەمپەر لەبەردەم گۆڕانی سیاسیدا دەبینرێن. ژمارەیەك لە لێکۆڵەران پێیانوایە کولتوری سیاسی باڵادەست لە عێراقدا، بریتییە لە هەردوو کولتوری سیاسی سنوردار و ملکەچی، لەگەڵ بوونی کولتوری بەشداری بەشێوەیەکی لاواز، ئەمەش بە بەربەست لەبەردەم گۆڕانی سیاسیدا دادەنرێت[3]. لەوانەیە ئەمە بۆ کاریگەرییە نەرێنییەکانی کولتوری خێڵەکی و دواتریش کولتوری ڕژێمی بەعس بگەڕێتەوە کە هاووڵاتییانی لەسەر ملکەچی ڕادەهێنا. (عەلی قەدوری)یش ئەمە پەیوەست دەکات بە ئاینی ئیسلامەوە، پێیوایە هەڵبژاردن و چەمکی نوێنەرایەتی و پەرلەمان و ئەم جۆرە دەزگاو دامەزراوانە نامۆن بە کولتوری سیاسی ئیسلام[4]. بەهەمان شێوە (بێرنارد لویس) پێیوایە مێژووی سیاسی ئیسلام دەسەڵاتێکی ئۆتۆکراسی نەدرکێنراو نیشاندەدات[5]. ڕەنگە ئەمە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕاست بێت، بۆ نمونە بەهۆی باڵادەستی ڕەوتە ئاینییەکانەوە بەتایبەتی سەلەفییەت، لە کولتوری سیاسی سعودیەدا فاکتەری ئاینی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا بە ئەرك دەزانرێت، ڕێگە بەهیچ نارەزایەتییەکی تەنانەت ئاشتییانەش نادرێت، بە دەرچوون لە فەرمانی وەلی ئەمر لێکدەدرێتەوە[6]. بەڵام (هیشام شەرابی) بۆچونێکی تری هەیە، پێیوایە بناغەی سیستەمی دەسەڵاتگەرایی لە وڵاتانی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ کولتوری باوك سالاریی، کە بەشێکە لە کولتوری عەرەبی بەر لە ئیسلام و تاوەکو ئێستا ماوەتەوە، و بە باوکسالاری نوێ (پاتریارکی نوێ) ناویدەبات[7]. لێرەوە بۆچونێك پێیوایە کۆمەڵگەی پیاو سالاریی لەگەڵ سیستەمی فەرمانڕەوایی پشتاوپشت و بۆماوەییدا گونجاوە، چونکە وەك چۆن باوك لە ماڵدا سەنتەری دەسەڵاتە، بەهەمان شێوە

---

(٣)- د. نجم الدين محي الدين الريكاني، مصدر سابق، ص٢١٦.

(٤)- حليلو نبيل، مصدر سابق، ص١٠٧.

(٥)- د. نجم الدين محي الدين الريكاني، مصدر سابق، ص٢٢٦.

(6)- John O. Voll, Islam and Democracy: is modernization a barrier? Religious Compass, Blackwell Publishing, 2006, p.172.

(7)- Ibid. p.172.

(٨)- فايد العليوي، الثقافة السياسية في السعودية، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠١٢، ص٨٩.

(1)- Abdelwahab El-Affendi, Political culture and the crisis of democracy in the Arab world, in: Ibrahim Elbadawi, Samir Makdisi (editors), Democracy in the Arab World: Explaining the Deficit, Routledge, London, 2011, p.20.

دەسەڵاتداریش لە دەوڵەتدا دەبێتە سەنتەری دەسەڵات[1]. ئەمەش واتا فاکتەری کولتوری دەتوانێت ڕێگری بکات لەوەی هاووڵاتییان کاراکتەری گۆڕانی سیاسی بن. باوەڕوایە لەم دۆخەدا یەکێك لەو کاراکتەرانەی وەك جێگرەوەی هاووڵاتییان بتوانێت گۆڕانکاری دروست بکات، سوپایە، ئەویش بەشێوەی کۆدێتا[2]. لەوانەیە ئەو شەپۆلە کۆدێتایەی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە وڵاتانی عەرەبی ڕوویدا، تارادەیەك ڕاستی ئەم بۆچوونە بسەلمێنێت. بەم پێیە، لەوانەیە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا کولتوری سیاسی کلاسیکی تیایدا باڵادەست بێت، ئەوە پێویستی بە سەرکردە ببێت بۆئەوەی ڕابەرایەتی بکات، لە نەبوونیدا گەل خۆی نەتوانێت پێشەنگایەتی گۆڕانکاری بکات، ئەو کولتورە ببێتە بەربەست لەبەردەم گۆڕانی سیاسیدا.

پەیوەست بە کولتوری ملکەچییەوە لەوانەیە ڕووسیا یەکێك بێت لەو شوێنانەی جیهان ئەم کولتورە تێیدا باڵادەست بێت، چونکە سەرباری ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٠ بەرەو دیموکراسی هەنگاوی نا، بەڵام فاکتەری کولتوریی بە هۆکاری گەڕاندنەوەی سیستەمی دەسەڵاتگەراییانەی (پۆتین) دەزانرێت، (ڕۆناڵد ئینگلیهارت) پێیوایە ڕووسیا بۆ گەشەکردنی دیموکراسی زەوییەکی بەردەڵانە[3]. وادەردەکەوێت ئەمە لە کۆمەڵگەی لەڕووسیدا ڕیشەیەکی قوڵی هەبێت، چونکە ئاماژە بەوە دەدرێت زۆرێك لە هاووڵاتییان متمانەیان بە دامەزراوە سیاسییەکان نییە، بەگوێرەی ڕاپرسییەك لە ساڵی ٢٠٠٥ دا تەنها ٥% ی خەڵکی متمانەیان بە پارتە سیاسییەکان هەبوە، لەبەرامبەردا ٤٧% متمانەیان بە سەرۆك کۆمار هەبوە، لەکاتێکدا ئەنجامەکە لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا و ئەمریکا زۆر جیاواز بووە[4]. لەم ساڵانەی دوایشدا بەگوێرەی ڕاپرسییە حکومی و ناحکومی و سەربەخۆکان، ڕێژەی جەماوەرییبوونی (پۆتین) لە ساڵی ٢٠٠٨ کە دەستوەردانی لە جۆرجیادا کرد گەیشتە ٨٨%، لە ساڵی ٢٠١٤ یشدا کە دەستوەردانی لە ئۆکرانیا کرد، ٧٣% بووە، بەراورد بە (ئۆباما) لە هەمان ماوەدا تەنها ٤٣% بووە[5].

لەوانەیە فۆرمێکی تری بەرهەڵستی کولتوریی بۆ گۆڕانی سیاسی، لەو وڵاتانەدا دەربکەوێت کە لە قۆناغێکی ڕاگوزەردان بەرەو دیموکراسی، (ئینگلیهارت) پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان دیموکراسی و کولتوری کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکات. ئاماژە بەوە دەکرێت ئەو وڵاتانەی لەڕووی دیموکراسییەوە ئەزمونێکی لە پێشینەیان نییە و دیموکراسی نەبوەتە بەشێك لە کولتور، زەحمەتە

(2)- Raymond Hinnebusch, Prospect for democratization in the Middle East, in: Birgitte Rahbek (editor), Democratization in the Middle East: Dilemmas and Perspective, Aarhus University Press, Aarhus, 2005, p.34.

(3)- B. C. Smith, understanding Third world politics: Theories of political change and development, 2nd ed. Palgrave Macmillan, London, 2003, p.185.

(4)- Rod Hague, Martin Harrop and John McCormick, op. cit. p.212.

(5)- Cameron Ross, Urban Politics and Democratization in Russia, Routledge, London, 2009, p.161.

(6)- Rod Hague, Martin Harrop, and John McCormick, op. cit. p.212.

بتوانن بەردەوامی بە دیموکراسی بدەن(١). هەر لەم بارەیەوە دەوتریت ئەو ولاتانەی لەپڕێکدا دەبن بە دیموکراسی و ئەزمونی پێشوتریان نییە، ئەگەر هەیە دامەزراوەکان نەتوانن کولتوری دیموکراسی بەهێز بکەن(٢). چونکە کولتوری کۆن وا بەئاسانی لەنێو ناچێت، تاوەکو کولتوری دیموکراسی شوێنی بگرێتەوە. بۆیە بۆچونێك هەیە پێنج ساڵی یەکەمی ئەزمونی دیموکراسی ئەو ولاتانە دەکاتە پێوەر بۆئەوەی بڕیاریان لەسەر بدرێت، چونکە مەترسی ئەوەیان لەسەرە لەو ماوەدا بەرەو پاشەکشێ بچن، بەڵام ئەوانەی جارێك بەو قۆناغەدا ڕۆیشتوون و پاشەکشەیان کردوە، لە جاری دوەمیاندا ئەگەری سەرکەوتنیان زۆرترە(٣). بۆ نمونە ٢٣ دەوڵەت لە کۆی ٢٩ دەوڵەت کە لە شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٤-١٩٩٠ بوونە دیموکراسی ئەزمونی پێشووتری دیموکراسییان هەبوە(٤).

دەکرێت بەشێکی تری گرفتی کولتوری سیاسی ئەو ولاتانەی کە بەرەو دیموکراسی هەنگاودەنێن، پەیوەندی بە کولتور و جیهانبینی نەوەکانەوە هەبێت، چونکە بۆچوونێك پێیوایە نەوەی کۆن پارێزگاری لە بەها کۆنەکان دەکات، بەڵام نەوەی نوێ دەکەوێتە ژێر کاریگەری هێز و فاکتەری کۆمەڵایەتی نوێوە(٥). ئەمەش واتا دەکرێت لە هەندێك دۆخدا هەر نەوەیەك خاوەن کولتوری خۆی بێت، بۆ نمونە هەریەکە لە ئەڵمانیا و ژاپۆن نزیکەی بیست ساڵ زیاتری پێچوو، تاوەکو هاووڵاتییەکانی ئەو دوو ولاتە دیموکراسییان پەسەند کرد، چونکە نەوەی پێشوو بەها دیموکراسییەکانی پەسەند نەدەکرد(٦). لە دوازدە ولاتی یەکێتی سۆڤییەتی جاران، ئەو هاووڵاتییانەی پەنجا ساڵ تەمەنیان لەژێر سایەی سیستەمی تۆتالیتاری یەکێتی سۆڤییەتدا بردبووەسەر و بەو کەشوهەوایە پەروەردەکرابوون، ژمارەیەکی زۆرکەمیان دیموکراسییان پەسەندکرد، بەزۆری ئەو گەنجانەی تەمەنیان لە نێوان ١٦-٢٩ ساڵیدا بوو، پاڵپشتی دیموکراسی بوون(٧). لەوانەیە هەندێکجار جیاوازی جیهانبینی نەوەکان ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی هەبێت و تەنها خویەك بێت و پارێزگاری لە

(7)- Abraham Diskin, et al. Why democracies collapse: the reasons for Democratic failure and success, International Political Science Review, London, Vol. 25, No. 3, 2005, p.294.

(8)- Larry Diamond, et al. consolidating the third wave democracies, The Johns Hopkins University Press, London, 1997, p.38.

(1)- Ethan B. Kapstein, Nathan Converse, the fate of young democracies, Cambridge university press, Cambridge, 2008, pp.42, 121.

(٢)- صامويل هانتنجتون، الموجة الثالثة: التحول الديمقراطي في أواخر القرن العشرين، ت: د. عبد الوهاب علوب، مع مقدمة تحليلية بقلم: د. سعد الدين إبراهيم، دار سعاد الصباح، الكويت، ١٩٩٣، ص١٠٥.

(٣)- د. کەمال مەنوفی، تیۆرەکانی سیستەمە سیاسییەکان، و: ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی یاد، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٧، ل٢٠٢.

(٤)- صامويل هانتنجتون، مصدر سابق، ص٣٥٣.

(5)- See: Christian W. Haerpfer, Democracy and Enlargement in Post-Communist Europe: The Democratization of the General Public in 15 Central and Eastern European Countries, 1991-1998, Routledge, London, 2002, pp.52-54.

دۆخی باو بكه‌ن، بۆ نمونه‌ ئه‌وانه‌ی بۆ چاپكردن ئامێری چاپی كۆنیان به‌كارهێناوه‌، له‌وه‌یه‌ بۆ نوسین كۆمپیوته‌ر په‌سه‌ند نه‌كه‌ن(١). له‌م باره‌یه‌وه‌، زانای كۆمه‌ڵناسی عێراقی (عه‌لی وه‌ردی) ده‌ڵێت: " ئه‌و به‌ها كۆمه‌ڵایه‌تییانه‌ی بۆ ماوه‌یه‌كی زۆر له‌نێو خه‌ڵكیدا باڵاده‌سته‌، به‌هه‌مان خێرایی و گوڕوتینی گۆڕانی بارودۆخیان ناگۆڕدرێن"(٢).

له‌باره‌ی كولتوری سیاسی له‌سه‌ر بنه‌مای شوێنی نیشته‌جێبوون، به‌گشتی باوه‌ڕوایه‌ شارنشینی ده‌توانێت پاڵپشتی دیموكراسی بێت، بۆ نمونه‌ ئه‌م فاكته‌ره‌ له‌ به‌دیموكراسیبوونی وڵاتانی ئه‌ورووپای ناوه‌ڕاست و ڕۆژهه‌ڵاتی دوای یه‌كێتی سۆڤیه‌تدا كاریگه‌ری هه‌بوو(٣).

به‌گوێره‌ی دابه‌شكارییه‌كه‌ی (ئه‌لمۆند و ڤێربا) له‌وانه‌یه‌ كولتوری به‌شداری كه‌ فۆڕمی باڵاده‌سته‌ له‌ وڵاتانی دیموكراسیدا، به‌رهه‌ڵستی گۆڕانی سیاسی نه‌كات، به‌ڵام (جۆن گاڵبرایس) له‌ ساڵی ١٩٩٢ چه‌مكی (كولتوری ڕازیبوون)ی به‌كارهێنا، ڕه‌نگه‌ له‌ وڵاتانی دیموكراسیدا كاریگه‌ربێت، و ئاماژه‌یه‌ بۆ هه‌ڵوێستی ئه‌و گروپانه‌ی كه‌ به‌ شێوازی دابه‌شكردنی سامان و سه‌رچاوه‌كان له‌ كۆمه‌ڵگادا ڕازین، له‌به‌رامبه‌ر هه‌ر ئه‌ركێكدا كه‌ حكومه‌ت ئه‌نجامی نادات، ئه‌گه‌ر خۆیان بتوانن ئه‌نجامی ده‌ده‌ن و به‌دۆخه‌كه‌ ڕازی ده‌بن، و ئه‌و ئه‌ركه‌ ناخه‌نه‌ ئه‌ستۆی حكومه‌ت. بۆ نمونه‌ چاكسازی له‌ كه‌رتی په‌روه‌رده‌ی گشتیدا لای ئه‌م گروپانه‌ جێگه‌ی بایه‌خ نییه‌، ئه‌گه‌ر بتوانێت منداڵه‌كانیان بنێرێته‌ خوێندنگه‌ی گرانبه‌ها له‌ كه‌رتی تایبه‌ت(٤). ئه‌مه‌ش واتا ده‌كرێت (له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی دیموكراسیشدا كولتوری سیاسی ڕێگری له‌ گۆڕانی سیاسی بكات)(*).

وه‌ك ده‌رده‌كه‌وێت كولتوری سیاسی ئه‌و توانایه‌ی هه‌یه‌ به‌رهه‌ڵستی پرۆسه‌ی گۆڕانی سیاسی بكات، وهه‌ر فۆڕمێك له‌ فۆڕمه‌كانی كولتوری سیاسی توانای به‌رهه‌لستیكردنی له‌ گۆڕانی سیاسی جیاوازه‌ له‌ویتر، چونكه‌ هه‌ریه‌كه‌یان له‌ كۆمه‌ڵگه‌ و سیسته‌مێكی سیاسی جیاوازدا باڵاده‌ستن. زیاتر له‌ ئه‌مه‌ش وادیاره‌ هه‌ردوو جۆری كولتوری سیاسی سنوردار (كلاسیك) و كولتوری سیاسی ملكه‌چی، ده‌توانن ببن به‌ بناغه‌ی سیسته‌مێكی نادیموكراسی، یان خودی سیسته‌مه‌ نادیموكراسییه‌كان هه‌وڵی بڵاوكردنه‌وه‌ی ئه‌م جۆره‌ له‌ كولتوری سیاسی بده‌ن، بۆئه‌وه‌ی ڕێگه‌نه‌ده‌ن هاووڵاتییان له‌ پرۆسه‌ی گۆڕانی سیاسیدا به‌شداربن.

(6)- Ibrahim Demir, Coskun Can Aktan, Resistance To Change In Government: Actors And Factors That Hinder Reform In Government, International Journal Of Social Sciences And Humanity Studies, Vol. 8, No. 2, 2016, p.235.

(٧)- د. علي الوردي، من وحي الثمانين، جمع وتعليق سلام الشماع، مؤسسة البلاغ، لبنان، ٢٠٠٧، ص٩٠.

(٨)- بۆ زانیاری زیاتر له‌و باره‌یه‌وه‌، بڕوانه‌:.Christian W. Haerpfer, op. cit. pp.50-52

(1)- Ibrahim Demir, Coskun Can Aktan, op. cit. p.233.

(*)- له‌ باسی سێیه‌می ئه‌م توێژینه‌وه‌یه‌دا ڕوانگه‌ی بیریارانی قوتابخانه‌ی فرانكفۆرت له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته‌ شرۆڤه‌ ده‌كرێت.

## باسی دووەم

## ڕۆڵی کولتوری سیاسی لە بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی لەسەردەمی میدیای نوێدا

لە چوارچێوەی ئەم باسەدا، ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت، ڕۆڵی (میدیای نوێ New Media) و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، لەسەر کولتوری سیاسی و لە بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسیدا.

ئەم شێوازە لە میدیا لەگەڵ پەیدابوونی تەکنەلۆژیای ژمارەیی (دیجیتاڵی) دا هاتەکایەوە کە بەهۆیەوە پەیوەندیکردن لەنێوان تاکەکاندا زۆر ئاسانتربووە، کەناڵ و ئامرازی جۆراوجۆری بۆ ئەم پەیوەندییە دەستەبەرکردوە، (سۆشیال میدیا Social Media)ش ئاماژەیە بە ئەم فۆڕمە لە میدیا و یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی میدیای نوێ، کە هەردوو فۆڕمی بەشداریکردن و کارلێك لەخۆدەگرێت، و تاکەکان تیایدا خاوەنی پێگە و هەژماری خۆیانن، ئەمەش لە میدیای کلاسیك جیای دەکاتەوە[١]. کە تاکەکان تەنها گوێگر یان بینەر یاخود خوێنەر بوون و بواری بەشدارییان نەبوو.

کولتوری سیاسی لەمیانەی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی (التنشئة السياسية) ، لە ڕێگەی کۆمەڵێك ئامراز و هۆکارەوە بۆ نەوەکان دەگوازرێتەوە، کە یەکێك لەو ئامرازە ڕاستەوخۆ و کاریگەرانە میدیایە بە هەموو جۆرەکانیەوە[٢]. ئێستاش باوەڕوایە بەهۆی هاتنەکایەی میدیای نوێوە، بواری بەشداری سیاسی فراوانتربووە، چونکە ئەگەر پێشتر هاووڵاتییان بەهۆی زوڵمی دەسەڵاتەوە لە بەشداری سیاسی گۆشەگیربوبن، ئەوە میدیای نوێ و ئامرازەکانی پەیوەندی و زانیاری، بواری بەشداری سیاسییان بۆ ئەو هاووڵاتییانە دروستکردوە، ئەم فاکتەرە لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا ڕۆڵی هەبو[٣]. هەروەها لەبەرئەوەی تەکنەلۆژیای نوێ ئامرازێکی دووسەرەیە، بۆیە جەماوەر چیتر تەنها گوێناگرن، بەڵکو بەشداری دەکەن، تەنانەت گۆڕانی لە شێوەی بەشداری سیاسیدا دروستکردوە، هەر لە چۆنیەتی گفتوگۆی سیاسی و بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر پرسە سیاسییەکان، دەنگدانی ئەلیکتۆرنیشی دەستەبەرکردوە[٤]. هەر لەم بارەیەوە نمونەی گروپەکانی ڤایبەر و فەیسبوك،.... دەتوانرێت وەك فۆڕمێکی نوێ لەکاری ڕێکخراوەیی ببینرێت. لەسەر ئەم بنەمایە ئەم میدیایە دەتوانێت ببێتە داینەمۆی گۆڕانی سیاسی، هەروەك ئەوەی لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا ڕوویدا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕەنگە هەندێك کات ئەو ئامرازانە بەتایبەت سۆشیال میدیا ببێت بە شمشێرێکی دوو دەم و لێکەوتەی نەرێنی هەبێت. هەر بۆ نمونە لە ڕژێمە سەرکوتکار و

---

(2)- Jimmie Manning, Social media, definition and classes of, In: Kerric Harvey (editor), Encyclopedia of social media and politics, Vol. 3, Sage, Thousand Oaks, California, 2014, p.1158.

(٣)- لەبارەی ئامراز و هۆکارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی پێگەیاندنی سیاسییەوە، بڕوانە: نيفين محمد ابو هربيد، دور وسائل الاعلام المحلية والمسموعة والمرئية في التنشئة السياسية للشباب الفلسطيني في قطاع غزة، رسالة ماجستير، جامعة الازهر - غزة - كلية الاقتصاد والعلوم الادارية - قسم العلوم السياسية، ٢٠١٠، ص ص٥٣-٥٩.

(٤)- شيماء بلونيس، مصدر سابق، ص٤٥.

(5)- Betty A. Dobratz, Lisa K. Waldner And Timothy Buzzell, op. cit. p.207.

نادیموکراسییەکاندا، هەرچەندە ئەم تۆڕانە جۆرێك لە ئازادییان بۆ هاووڵاتییان دەستەبەر کردوە، بەڵام حکومەتیش لەڕێگەی هەمان تۆڕەوە دەتوانێت بۆ نمونە چاودێری چۆنییەتی ڕێکخستنی چالاکییەکان و کات و شوێنی نارەزایەتییەکان بکات، و پێشتر هێزەکانی خۆی بنێرێتە ئەو شوێنە. و هەروەها دەتوانێت دزە بکاتە ناو تۆڕەکانەوە و زانیاری هەڵە بڵاوبکاتەوە[(١)]. جگە لە مەترسی هاککردن کە دەسەڵات دەتوانێت بەشێوەیەکی ووردتر و زیاتر چاودێری نەیارەکانی بکات.

لەبارەی کاریگەری میدیای نوێوە لەسەر کولتوری سیاسی، دەوترێت بەر لە بڵاوبوونەوەی میدیای نوێ، میدیای کلاسیك لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت و لە وڵاتانی سەرمایەداریش و لەژێر کۆنترۆڵی پیاوانی کاردابوو[(٢)]. ئەمەش واتا ئەو کولتورە سیاسییەی لەو ڕێگەیەوە بڵاودەکرایەوە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەواندا یەکیدەگرتەوە، بەڵام ئێستا گۆڕانی خێرای تەکنەلۆژی، ئەمەی گۆڕیوە و دەرفەتی بە ئاراستەی کرانەوە لەبەردەم جیهانی پەیوەندیدا دروستکردوە، بەتایبەت لە وڵاتانی تازە گەشەکردوودا بواری گۆڕانی کولتوریی بەئاراستەی تاکگەرایی و ئازادی ڕەخساندووە[(٣)]. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو بۆچونێك پێیوایە، میدیای نوێ بەچەشنێك پەیوەندی لە نێوان هاووڵاتی و دەسەڵاتدا ئاسانکردوە، ڕۆڵی پارتی سیاسی کەمکردووەتەوە، چونکە ئەو بۆچوونە هەیە بەهۆی میدیای نوێوە حکومەت و پارتە سیاسییەکان،... کۆنترۆڵ و هەژموونی خۆیان بەسەر چۆنیەتی لێکدانەوە بۆ پرسە سیاسییەکان لە بواری گشتیدا لەدەستداوە[(٤)]. هەرچۆنێك بێت، ڕەنگە کەمکردنەوەی ڕۆڵی پارتی سیاسی لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراسیدا گرفت دروست نەکات، بەڵکو ئەزموونی دیموکراسییان لە دیموکراسی ڕاستەوخۆ نزیك بکاتەوە. بەڵام ئەگەر ئەمە لە وڵاتە نادیموکراسییەکاندا ببێتە کولتورێکی سیاسی نوێ، لەوانەیە کێشەبێت، بۆ نمونە لەکاتی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا، لەبەرئەوەی پارتی سیاسی، بەتایبەت ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی دیاریان نەبوو، بۆیە لەکاتی دانوستاندا حکومەت هەوڵیدەدا ئەو گروپە بەشداربووانەی کە نوێنەری شەقام بوون پەرتبکات. خراپتر لەوەش، لەگەڵ کۆمەڵی لایەندا دانوستان بکات و وەك نوێنەری شەقام مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، کە لە بنەڕەتدا شەقام پێیان ڕازی نەبوو. بۆیە دەوترێت لەو ڕووداوانەدا گەنجان کە بەهاوکاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانییان شەقام بجولێنن، لە دوای شۆڕش بەهۆی بێ ئەزمونی سیاسی و نەبوونی ئەجێندایەکی ڕوون و نەبوونی سەرکردە کە ڕابەرایەتیان بکات، هەر زوو

---

(1)- Yahya R. Kamalipour, Media, Power, and Politics in the Digital Age: the 2009 presidential election uprising in Iran, Rowman & Littlefield Publishers, Inc. Plymouth, 2010, pp.162-163.

(٢)- شيماء بلونيس، مصدر سابق، ص٥٢. ستيفن دي تانسي، نايجل جاكسون، أساسيات علم السياسة، ت: د. محي الدين حميدي، دار الفرقد، دمشق، ٢٠١٦، ص ص٢٦٦-٢٦٨.

(3)- Manuel Castells, Communication Power, Oxford University Press, Oxford, 2009, pp.109-110.

(٤)- د. زياد جهاد حمد، مصدر سابق، ص٥٩٤. Ahmed Hama Gharib, Political Communication and the Media in Kurdistan, Doctoral thesis, Sheffield Hallam University, 2016, p.34.

فەرامۆشكران[١]. ئەمە لەكاتێكدایە كە هاووڵاتییان میدیای نوێیان بۆ پاڵپشتی شەقام بەكارهێنا، تەنها لە تۆڕەكاندا چالاك نەبوون و خۆیان لە شەقام دابڕن. ئەمەش واتا سیاسەت دیوێكی كرداریی هەیە، لەوانەیە هەندێكجار قورس بێت هاووڵاتی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ بكات. بۆیە ئەو كولتورە سیاسییەی كە میدیای نوێ سەرپێی دەخات، لەوانەیە ئەم گرفتەی بێتە پێش.

زیاتر لەمەش، میدیای نوێ، نەك ڕۆڵی پارتی سیاسی، لەوانەیە لەهەندێك دۆخدا ڕۆڵی سەركردەی سیاسیش لاوازبكات، پێدەچێت لە ژێر كاریگەری ئەم فاكتەرەدا بوبێت، بۆ نمونە لە ڕووداوەكانی بەهاری عەرەبیدا هیچ ڕابەر و سەركردەیەكی كاریزمی یان ئایدۆلۆژیایەكی دیاریكراو ڕابەرایەتی نەكرد[٢]. لەكاتێكدا ڕۆڵی سەركردە لە گۆڕانی سیاسیدا بەهەند وەردەگیرێت، بۆ نمونە بۆچونێك سەرنجی لەسەر ئەزمونی میسرە، پێیوایە ئەو جەماوەرە ئەو ڕاستییە مێژووییەیان لەبیركردوە، شۆڕش سەركردەی نەبێت، زۆر بەئاسانی لەلایەن هێزێكی سەربازی توندوتۆڵ و ڕێكخراوەوە تێكدەشكێنرێت[٣]. چونكە باوەڕوایە بەبێ بوونی سەركردە، تەنانەت ئەگەر ئاگایش دەربارەی پێویستی گۆڕانكاری هەبێت، لەوانەیە بەسەركەوتوویی ئەنجام نەدرێت، لەبەرئەوەی ئەوە سەركردەی كاریزمییە دەتوانێت ئاراستەكان دیاری بكات و بەشێوەیەك جەماوەر ئامادە بكات، نەیاری گۆڕانكارییەكان لاواز و بچوك بكاتەوە[٤]. لەوانەیە لە مێژوودا نمونەی زۆر لەم بارەیەوە هەبێت، بۆ نمونە باس لەوە دەكرێت ئەفریقای باشور بەهۆی ڕۆڵ و كاریگەری (نیلسۆن ماندێلا) بەرەو دیموكراسی چوو[٥].

لەوانەیە یەكێكی تر لەو كاریگەرییە نەرێنیانەی میدیای نوێ لەسەر كولتوری سیاسی بەجێیدەهێڵێت، بریتی بێت لەوەی هەرجارەی سەرنجی هاووڵاتییان دەخاتە سەر بابەتێك، ڕەنگە ئەمە لە پرسی ڕای گشتیدا دەربكەوێت. هەرچەندە میدیای نوێ و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەهۆی ئەو تایبەتمەندی و سەرچاوە زۆرەی زانیاری كە دەیخاتە بەردەست، توانای هەیە ئاراستەی ڕووداوەكان دیاری بكات و هاووڵاتییان لە دەوری بۆچونێك كۆبكاتەوە و ڕای گشتی نیشتیمانی یان هەرێمی

---

(5)- Vincent Durac, Protest movements and political change: an analysis of the 'Arab uprisings' of 2011, Journal of Contemporary African Studies, Vol. 31, No. 2, 2013, pp.187, 191.

(1)- Philip N. Howard, Muzammil M. Hussain, Egypt and Tunisia: the role of digital Media, in: Larry Diamond, Marc F. Platter (editors), Liberation Technology; social media and the struggle for democracy, The Johns Hopkins University Press, Baltimore, 2012, p.118.

(2)- John R. Bradley, After The Arab Spring; How Islamists Hijacked The Middle East Revolts, Palgrave Macmillan, 2012, p.32.

(3)- Ibrahim Demir, Coskun Can Aktan, op. cit. p.232.

(٤)- غيورغ سورنسن، الديمقراطية والتحول الديمقراطي: السيرورات والمأمول في عالم متغير، ت: عفاف البطاينة، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٥، ص٥٧.

یاخود جیهانی لەسەر دروست بکات[١]. بەڵام ڕەنگە لە پرسی (ڕای گشتی لەڕووی کات)[*]هوە، ببێتە گرفت، لەلایەك بەهۆی ئەوەی بەیەکجار لێشاوێك لە زانیاری دەخاتەبەردەست وەرگرانی، کە قەبارەکەی ئەوەندە زۆرە زەحمەتە بتوانرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت[٢]. لە دۆخێکی وەهادا ئەستەمە هەڵسەنگاندن بۆ هەموو ئەو زانیاریانە بکرێت، هاوکات سەرچاوەی زانیارییەکان دیارنییە و دەکرێت نادروست بێت، چونکە بە ئاسانی پروپاگەندە و بانگەشەی چەواشەکارانەی تێدا بڵاودەکرێتەوە[٣]. بۆ نمونە حکومەتی چین هەزاران فەرمانبەری دامەزراندووە کە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان شاردووەتەوە، لە هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە ڕای گشتی خەڵکی بەرەو ڕای سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە ئاراستە دەکەن[٤]. نەك هەر ئەوەندە، تەنانەت ئەگەر هەموو زانیارییەکان ڕاست و دروستیش بێت، گرفتەکە ئەوەیە، بەتایبەت لە ڕژێمە نادیموکراسی و نیمچە دیموکراسییەکاندا، بوارنادات ئەو ڕاگشتییە بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە تاوەکو کاریگەری دروست بکات و گۆڕانی سیاسی بهێنێتەکایەوە، بەڵکو بەردەوام سەرنجی هاووڵاتییان بەرەو بابەتێ نوێ و بەشێوەی ناکۆتا لە ڕایەکەوە بۆ ڕایەکی تر دەبات.

لەوانەیە یەکێکی تر لە کاریگەرییە خراپەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کولتوری سیاسی ئەوەبێت، وەك چۆن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکان دەپوکێنێتەوە و بەرەو پەیوەندی گریمانەیی دەبات[٥]. بەهەمان شێوە هاووڵاتییان لە چالاکییە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی بۆ نمونە سەرشەقام دووربخاتەوە و ئەم چالاکییانە بەرەو جیهانێکی خەیاڵی و گریمانەیی بەرێت، چونکە بەگوێرەی توێژینەوەکان بەهۆی میدیای نوێوە، لەنێو گەنجانی وڵاتانی دیموکراسی خۆرئاوادا، بەشداری سیاسی و ژمارەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا کەمیکردووە[٦]. بۆ نمونە لەسەر ئاستی جیهان، لە ساڵی ١٩٤٠-١٩٨٠ ڕێژەی دەنگدان ٧٦% - ٧٨% بووە، لە ساڵی ١٩٩٠ بووە بە ٧٠%، لە ماوەی نێوان ٢٠١١-٢٠١٥ بووە بە ٦٦%. ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کە هاووڵاتی نایەوێت پارتی سیاسی وەك نوێنەری سەرەکی لە دیموکراسی نوێنەرایەتیدا ببینێت. دەوترێت ئەمەش مانای ئەوە نییە

(٥)- مشتاق طلب فاضل، دور مواقع التواصل الاجتماعي في تكوين الرأي العام المحلي ٢٠١٤-٢٠١٧، مجلة تكريت للعلوم السياسية، العدد (١٢)، بدون مكان وسنة النشر، ص ص٢١٩-٢٢١. شيماء بلونيس، مصدر سابق، ص١٩.

(*)- لەبارەی ڕای گشتی لەڕووی کاتەوە، بڕوانە: د. مصطفى يوسف كافي، الرأي العام ونظريات الاتصال، دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٥، ص ص٢٥-٢٦.

(6)- Joseph S. Nye, Public Diplomacy and Soft Power, The Annals of the American Academy of Political and Social Science, 2008, p.99.

(٧)- بڕوانە: شيماء بلونيس، مصدر سابق، ص٢٠.

(8)- Ashly Esarey, Xiao Qiang, Digital Communication and political change in China, International Journal of Communication 5, 2011, p.299.

(٩)- مشتاق طلب فاضل، مصدر سابق، ص٢٠٥.

(1)- Ahmed Hama Gharib, op. cit. p.33.

هاووڵاتییان لە کایەی سیاسیدا ناچالاکن، بەڵکو بەپێچەوانەوە شێوەی تر لە چالاکی سەریهەڵداوە، وەك نارەزایەتی جەماوەری و بەکارهێنانی سۆشیال میدیا...،"[١]. جگە لە کاریگەری میدیای نوێ، لێکنزیکبوونەوەی پارتە سیاسییەکان لەرووی ئایدۆلۆژییەوە بە فاکتەرێکی تری پشت ئەمە دادەنرێت، کە چیتر هیچ پاساوێك بۆ گۆرینی دەسەڵاتدارێك بە کەسێکی تر نامێنێتەوە[٢]. (ئینگلیهارت) ئەمە بە کولتوری سیاسییەوە پەیوەست دەکات، پێیوایە کۆمەڵگەی رۆژئاوایی دوای ئەوەی خواستە مادییەکانی بەدەستێهنا، چیتر ئەو خواستانە لە ریزبەندی یەکەمدانین، بەڵکو گرنگی لەپێشینە بە بەهای نوێی وەك جۆر و ستایلی ژیان و سەربەخۆیی تاکەکەسی و گوزارشتکردن لەخۆ دەدات، ئەمە بە گۆرانی کولتوریی لە بەها و کولتوری مۆدێرنەوە بۆ پۆست مۆدێرنە ناودەبات، کە کاریگەری لەسەر شێوازی بەشداری سیاسی هەیە، تاکەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستە تاکەکەسییانە متمانەیان بە دامەزراوە دیموکراسییە کلاسیکییەکان نییە[٣]. هەرچۆنێك بێت، وەك ئەوەی پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، ئەگەر ئەمە لە وڵاتانی دیموکراسی و پێشکەوتوودا سەرچاوەی مەترسییەکی وەها نەبێت، ئەوە لە وڵاتانی نادیموکراسیدا گرفتە، چونکە باوەروایە ئینتەرنێت و تۆرەکان بەتەنها ناتوانن گۆرانکاری دروست بکەن، بەڵکو ئەوە شەقامە بۆ دروستکردنی گۆرانکاری ئەو تۆرانە دەکاتە پاڵپشتی خۆیی[٤].

لێرەوە تەنانەت ئەگەر گریمانەی ئەوە بکرێت، میدیای نوێ فۆرمێکی نوێی لە بەشداری سیاسی دەستەبەرکردوە، چالاکییە سیاسییەکانی ناو تۆرەکان وەك چالاکییەکی سیاسی نوێ ئەژماربکرێت، ئەوە هێشتا ناهاوسەنگی لە نێوان واقع و خەیاڵدا دروست دەکات، و زۆربوونی چالاکییە گریمانەیی و خەیاڵییەکان شوێنی چالاکییە راستەقینەکان دەگرێتەوە. لەم بارەیەوە (رێبیکا ماککینۆن) پێیوایە نابێت ئەو چاوەروانییە هەبێت، ئینتەرنێت بەخێرایی وڵاتی چین یان هەر وڵاتێکی تری سەرکوتکەر بکات بە دیموکراسی، چونکە سیستەمە خۆسەپێنەکان خۆیان لەگەڵ ئەو گۆرانکارییانەدا دەگونجێنن کە تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاری هێناویەتی و ئەمە بە (Networked Authoritarianism) ناودەبات، کە هەرچەندە گفتوگۆکانی هاووڵاتییان لەبارەی گرفتەکانیانەوە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا روودەدەن، جیهانێکی گریمانەیە و خەڵکی تیایدا رەخنەدەگرن و هەست بە ئازادی دەکەن، بەڵام واقع و راستییەکیش بوونی هەیە، کە هەڵبژاردنی پاك و بێگەرد روونادات، دادگاکان سەربەخۆنین، ئەوانەی مەترسی بۆ سەر دەسەڵات دروست دەکەن، دەخرێنە زیندانەوە. هاوکات حکومەتیش

(2)- Abdurashid Solijonov, Voter Turnout Trends around the World, International Institute for Democracy and Electoral Assistance (IDEA), Stockholm, 2016, pp.9, 24-25.

(3)- Luca Ferrini, why is tournout at elections declining across the democratic world? E-International relations, Sep 27, 2012, p.2.

(4)- Ibid. pp.3-4.

(٥)- شيماء بلونيس، مصدر سابق، ص٥٤.

دەتوانێت لەڕێگەی تۆڕەکانەوە چاودێری هاووڵاتییەکانی بکات، و کاری ئۆپۆزسیۆن بەرتەسك بکاتەوە(١).

لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت، میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانن کۆمەڵێك شێوازی نوێی کاری سیاسی گریمانەیی بۆ هاووڵاتییان، بەتایبەت لە سیستەمە نادیموکراسییەکاندا دەستەبەر بکەن، ڕەنگە ڕاست بێت بوترێت کولتورێکی سیاسی نوێی دروستکردووە، کە هاووڵاتی لەبری خۆپیشاندان و دەنگدان یان هەر چالاکییەکی کرداریی، لە جیهانێکی گریمانەیی بە لایك یان کۆمێنتێك ڕووبەڕووی دەسەڵات دەبێتەوە، لە کاتێکدا حکومەت لەواقعدا زوڵم لە هاووڵاتییەکانی دەکات. بەمانایەکی تر هاووڵاتی پشت بە تۆڕەکان دەبەستێت و ڕێگا کردارییەکانی گۆڕانی سیاسی فەرامۆش دەکات. لە مەیدانێکدا ڕووبەڕووی دەسەڵات دەبێتەوە، جیهانێك کە لە لایەن دەسەڵاتەوە لەبەردەم مەترسی داخستندایە، حکومەت هەژموونی زۆری بەسەریدا هەیە و دەتوانێت لەکاتە هەستیارەکاندا بۆ پاراستن و مانەوەی خۆی دایبخات. بەم شێوە ئەم ڕووەی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن ببن بە ژوورێکی داخراو و هاووڵاتی نیگەرانییەکانی هەڵڕژێنێتە ناویەوە و خۆی خاڵی بکاتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ فشار و قورساییەکی وەها لەسەر دەسەڵات دروست بکات. پەیوەست بە ڕژێمە دیموکراسی و پێشکەوتووەکانیشەوە، لەوانەیە میدیای نوێ بتوانێت لە دیموکراسی ڕاستەوخۆ نزیکیان بکاتەوە.

---

(6)- Rebecca MacKinnon, China's "Networked Authoritarianism" in: Larry Diamond, Marc F. Platter (editors), Liberation Technology; social media and the struggle for democracy, The Johns Hopkins University Press, Baltimore, 2012, p.79.

## باسی سێیەم

## بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی لەڕووی کولتورییەوە لە ڕوانگەی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە

لەم باسەدا، هەوڵدەدرێت کاریگەری کولتوری سیاسی بەتایبەت لە کۆمەڵگەی پیشەسازی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا، واتا لە (کولتوری بەشداری)، لە بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسیدا لە ڕوانگەی بیریارانی (قوتابخانەی فرانکفۆرت)[*]هوە بخرێتە بەرباس.

شکستی بزوتنەوە سۆشیالیستییەکان لە هێنانەکایەی سیستەمی سۆشیالیستی لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بەردەوامی سیستەمی سەرمایەداری، تێڕوانینی شۆڕشگێڕانەی مارکسیزمی کلاسیکی خستە گومانەوە، لێرەوە مارکسیزمی فەلسەفی و قوتابخانەی فرانکفۆرت لەڕێگەی تیۆری ڕەخنەیی و بەپشتبەستن بە هزرەکانی (مارکس)، هەوڵیاندا بەشێوەیەکی نوێ کۆمەڵگەی سەرمایەداری بخوێننەوە[١]. بیریارانی ئەم قوتابخانەیە جیاواز لە مارکسیزمی کلاسیك، پێیانوایە هەمیشە فاکتەری سەرخان (ئایدۆلۆژیا و کولتور و سیستەمی سیاسی) ڕەنگدانەوە و پاشکۆی ژێرخانی کۆمەڵگە و فاکتەرە ئابورییەکان نییە، بەڵکو ئەوانە لە پەیوەندییەکی دیالێکتیدان، دەکرێت ئایدۆلۆژیا و کولتور لە سیستەمی سەرمایەداریدا فاکتەری زاڵبن[٢]. واتا هۆکارە ئایدۆلۆژی و کولتورییەکان و میدیا فاکتەری مانەوەی سەرمایەدارین و ڕێگری لە گۆڕانی سیاسی دەکەن.

هەریەك لە (ماکس هۆرکهایمەر) و (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) ڕەخنەیان لە ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا لە کۆمەڵگەی پیشەسازی پێشکەوتوودا گرت و بە پیشەسازی کولتور (Cultural Industry) ناویانبرد، کە لەڕێگەی فیلم و سینەما و موزیکەوە کار لەسەر مانەوە و باڵادەستی سیستەمی باو دەکات و

(*)- قوتابخانەی فرانکفۆرت (Frankfurt School) لە ساڵی ١٩٢٣ لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا دامەزراوە، ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك بیرمەند و ڕۆشنبیری بەبیروباوەڕ مارکسی، کە لە چوارچێوەی ئەم دامەزراوەدا توێژینەوەی کۆمەڵایەتییان بەشێوەی فرەلایەن (Interdisciplinary) لە بوارەکانی فەلسەفە ئابوری و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و سیاسی و ئەدەبی و میوزیك و هونەری ئەنجامدەدا، و تیۆری ڕەخنەییان (Critical Theory) سەرپێخست. کەسە دیارەکانی پێکهاتبوون لە: (ماکس هۆرکهایمەر، تیۆدۆر ئادۆرنۆ، واڵتەر بنیامین، ئیریك فرۆم و هێربەرت مارکۆز.....)، گومانیان لە زاڵبوونی لایەنی ژێرخان و ڕەهەندی ئابوریی لە هزری مارکسیزمە ئۆرسۆدۆکسەکان بەسەر سەرخان (کە لایەنی سیاسی و یاسا و کولتور و ئایدۆلۆژی دەگرێتەوە) هەبوو.

George Thomas Kurian ( editor-in-chief) et al, the encyclopedia of political science, CQ Press, Washington D.C. 2011, p.614.

(١)- د. کەمال پوولادی، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، ب٣، و: ئازاد وەڵەدبەگی و سیروان جەبار زەندی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٤٤، ٥٤-٥٥.

(٢)- هەمان سەرچاوە، ل ل٢١-٢٤.

دەیەوێت هەموو ڕەهەندەکانی ژیان قۆرخ بکات[١]. (ئادۆرنۆ) پێیوابوو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن بۆ ئەوەیە ئێمە بەلاڕیدا بەرن، و لە واقع تێنەگەین و هەوڵی گۆڕینی نەدەین. لەسەر ئەم بنچینەیە، بەپێچەوانەی تێگەیشتنی مارکسیزمی کلاسیکییەوە، (ئادۆرنۆ) باوەڕی وایە هۆکارەکانی ڕێگری لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی، کولتوری و سایکۆلۆژییە زیاتر لەوەی ئابوری و سیاسی بێت[٢]. (هۆرکهایمەر)یش سەری سوڕما لە پیشەسازی فیلم سازی کۆمپانیاکانی هۆلیود، کە بەوپەڕی تەکنیکی بەرزەوە فیلم بەرهەم دەهێنێت و کاریگەری لەسەر جەماوەر دروست دەکات و وادەکات لەبری ئەوەی لەدۆخی ژیانیان ناڕازین، ڕازی بن[٣].

(هێربەرت مارکۆزە)ش لە کتێبی (One-dimensional man) دا ئەوە دەخاتەڕوو، کە ڕەهەندە مادییەکەی ژیان و میدیا، هەژموونی خۆی بەسەر دیوی ناوەوەی مرۆڤ، ئەو دیوەی کە دەیەوێت ڕووبەڕووی واقع ببێتەوە، سەپاندووە. بەم شێوە ڕۆحی مرۆڤ دەکوژێت و چیتر توانای بەرگری نامێنێت، و ئەقڵ و هەر توانایەکی مرۆڤ بۆ ڕەخنەگرتن دەستەمۆ دەکات[٤]. پێیوایە ئێمەی مرۆڤ خاوەنی ڕەهەندێکی ناوەکی و دیویکیترین، کە ئەو بە جیهانی باڵا و نمونەیی ناویدەبات. تێڕوانینی وایە هەرچی بوارە ئەدەبییەکان و پاڵەوانی چیرۆکەکان هەبوون، گوزارشتیان لەو جیهانە باڵایە دەکرد، مرۆڤ دەیویست بە ئیلهام وەرگرتن لەو جیهانە خەیاڵییە، دەستکاری جیهانی واقعی بکات و بیباتەسەر شێوەی ئەو خەیاڵە و بیگۆڕێت، بەڵام ئێستا لەچوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداری و زاڵبوونی ڕەهەندە مادییەکەی ژیانی سەردەمدا، دەستەمۆکراون و بوونە بە کۆپیەکی واقعەکە و هیچ مەترسییەك لەسەر سیستەمی باوی کۆمەڵگا دروست ناکەن[٥]. ئەمەش واتا واقعێکی مادی و کولتورێکی باڵادەست هەیە، خەیاڵی مرۆڤی کوشتووە.

لێرەوە بێ ئومێدە لە ڕوودانی گۆڕانکاری، پێیوایە ئەو واقعە بەرهەڵستی گۆڕانکاری دەکات، تەنها کەمینەیەك ماونەتەوە توانای پەیبردنیان بەو جیهانە باڵا خەیاڵییە و کولتورەکەی هەیە، ئەگینا واقع بەشێوەیەك خەیاڵ و ناخی مرۆڤەکانی تری داگیرکردوە، بوونەتە کۆپییەکی ئەو دۆخە. بۆیە کولتوری باڵا و جیهانی نمونەیی ناتوانێت دەستکاری ئەو واقعەی مرۆڤ بکات، بەم شێوە کولتوری باڵایش ملکەچی واقع دەبێت و بەشێکی گەورە لە حەقیقەتەکەی لەدەستدەدات[٦]. بۆ نمونە بوارەکانی هونەر و هۆنراوە و شیعر و ئەدەب....، وەك وێنەیەك لە جیهانی باڵا، بەر لە کۆمەڵگەی

---

(3)- George Thomas Kurian, op. cit. p.615.

(1)- Great thinkers, The School of Life press, London, 2016, p.201.

(2)- James Gordon Finlayson, Habermas: A Very Short Introduction, Oxford University Press, New York, 2005, p.4.

(3)- Herbert Marcuse, One-dimensional man: studies in the ideology of advanced industrial society, Routledge Classic, London, 2002, pp.10-13.

(4)- Ibid. p.62.

(5)- Ibid. pp.60-63.

سەردەمی پیشەسازی کە هەبوون، مرۆڤ جگە لەوەی بۆ چێژی خۆی ئەوانەی دەکرد هاوکات نەك ملکەچی واقع نەبوون، بەڵکو بەرەنگاری دەبوونەوە، بەڵام ئێستا لە سەردەمی مۆدێرنە و سەرمایەداریدا ملکەچی سیستەمەکەن، بەپێچەوانەوە لە ڕابردوودا و بەر لە مۆدێرنە، هەرچەندە کرێکاران و خەڵکی بەش مەینەت توشی ستەم هاتوون، بەڵام درکیان بەو ستەمە کردوە و نەبوونە بە ئامرازێك و بکەونە خزمەتی سیستەمەکەوە. واتا بیرکردنەوە بۆ گۆڕینی سیستەمەکە ئامادەیی هەبوە، بۆیە (مارکۆزە) پێیوایە لەڕابردوودا کولتور هێزێکی یاخی بوو لە دژی سیستەم کاری دەکرد و لەژێر کۆنترۆڵیدا نەبوو، بەڵام ئێستا بووەتە پایەیەکی سیستەمەکە[6]. ئەمەش واتا ئەو بوارانەی کە لە ڕابردوو هەبوون، ئێستا سەرمایەداری بەکاریاندەهێنێت و ڕۆڵیان پێدەدات و تواناکانی مرۆڤ دەستەمۆدەکات، دەیانکات بە هاوپشك لە سیستەمێکی گەورەی سەرمایەداریدا و دەیانخاتە خزمەتی خۆیەوە. بۆ نمونە ئەگەر وەرزش یان هەر کایەیەکی تر...، لە ڕابردوودا جێگەی چێژوەرگرتن بووبن و مرۆڤ تەنها بۆ خۆشی ئەو چالاکییەی کردبێ، ئێستا پیشە و بسنزێکی گەورەیە. بۆیە وەك دەردەکەوێت لەڕوانگەی بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە، سەرمایەداری و ئامرازەکانی بەردەستی بەتایبەتی میدیا، دەتوانێت لە کۆمەڵگەدا تێگەیشتنی هەڵە بڵاوبکاتەوە و نەهێڵێت هاووڵاتی بیر لە گۆڕانی سیاسی بکاتەوە.

لێرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، بەگوێرەی بۆچونی بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، ڕاگەیاندن و پیشەسازی کولتور لە جیهانی سەرمایەداریدا کەشێك دەهێننەکایەوە سەرنجی تاکەکان بەلاڕێدا دەبەن و بوار نادەن هاووڵاتییان خواستی گۆڕانی سیاسی نیشانبدەن.

(6)- Ibid. pp.61-64.

## دەرئەنجام

١- کولتوری سیاسی توانای بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی هەیە، زیاد لە شێوەیەك لە کولتوری سیاسی هەیە بۆ ئەم کردارە. بەشێوەیەك فۆڕمی بەرهەڵستیکردنی گۆڕانی سیاسی لە هەردوو جۆری کولتوری سیاسی سنوردار (کلاسیك) و کولتوری سیاسی ملکەچیدا دیار و بەرچاوە، بوارنادات هاووڵاتی بیر لە گۆڕانکاری بکاتەوە.

٢- لە کولتوری سیاسی بەشداری، کە دەکرێت فۆڕمی باڵادەست بێت لە وڵاتانی دیموکراسی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا، هەرچەندە ئامرازە مەدەنییەکان بۆ گۆڕانی سیاسی بەردەستە، بەڵام بەگوێرەی بۆچونی بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، ڕاگەیاندن و پیشەسازی کولتور لە جیهانی سەرمایەداریدا کەشێك دەهێننەکایەوە سەرنجی تاکەکان بەلاڕێدا دەبەن و بوار نادەن هاووڵاتییان خواستی گۆڕانی سیاسی نیشانبدەن. ئەمەش واتا بەشێوەیەکی گشتی کولتوری سیاسی لە هەموو سیستەمێکی سیاسیدا دەتوانێت بەرهەڵستی گۆڕانی سیاسی بکات، بەتایبەتیش لە سیستەمە دیکتاتۆری و نیمچە دیموکراسییەکاندا، کە بەهای دیموکراسی تیایاندا باڵادەست نییە و ڕێز لە ئازادی و ویستەکانی مرۆڤ ناگیردرێت.

٣- میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانن لە هەندێك دۆخدا یارمەتیدەری پرۆسەی گۆڕانی سیاسی بن، کۆمەڵێك شێوازی نوێی کاری سیاسی گریمانەیی بۆ هاووڵاتییان دەستەبەر بکەن، بەتایبەت لە سیستەمە دیکتاتۆری و نیمچە دیموکراسییەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ڕاست بێت بوترێت کولتورێکی سیاسی نوێی دروستکردوە، کە هاووڵاتی لەبری خۆپیشاندان و دەنگدان یان هەر چالاکییەکی کرداریی، لە جیهانێکی گریمانەیی و خەیاڵی بە لایك یان کۆمێنتێك ڕووبەڕووی دەسەڵات دەبێتەوە، لەڕێگەی ئەو تۆڕانەوە خۆی خاڵی دەکاتەوە و لە واقع دادەبڕێت، دەرئەنجام لەهەندێك دۆخدا بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەمە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی گۆڕنی سیاسیدا. پەیوەست بە ڕژێمە دیموکراسی و پێشکەوتووەکانیشەوە، لەوانەیە میدیای نوێ بتوانێت لە دیموکراسی ڕاستەوخۆ نزیکیان بکاتەوە.

# ليستى سەرچاوەكان


**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

**أ_ کتێبەکان**

١. سەروەر حەمە ئەحمەد، ڕۆشنبیری سیاسی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.
٢. عەبدول عەلی قەوام، بەربەستەکانی گەشەسەندنی سیاسی، و: هیوا مەجید خەلیل، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣. عەبدولڕەحمان عالم، بنەماکانی زانستە سیاسیەکان، و: دلاوەر عەبدوڵڵا، محەمەد کەریم، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢.
٤. کەمال پوولادی، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، ب٣، و: ئازاد وەڵەدبەگی و سیروان جەبار زەندی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥.
٥. کەمال مەنوفی، تیۆرەکانی سیستەمە سیاسییەکان، و: ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی یاد، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٧.

**ب_ تێزی دکتۆرا و ماستەرنامەکان**

١. ئاریان ڕشید شریف، شیکردنەوەی چەمکی گۆڕانی سیاسی لە هزری سیاسی هاوچەرخدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، ٢٠٢١.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

**أ_ کتێبەکان**

١. بی. سی. سميث، كيف نفهم سياسات العالم الثالث: نظريات التغيير السياسي والتنمية، ت: خليل كلفت، مركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١١.
٢. ستيفن دي تانسي، نايجل جاكسون، أساسيات علم السياسة، ت: د. محي الدين حميدي، دار الفرقد، دمشق، ٢٠١٦.
٣. صامويل هانتنجتون، الموجة الثالثة: التحول الديمقراطي في أواخر القرن العشرين، ت: د.عبد الوهاب علوب، مع مقدمة تحليلية لـ: د.سعد الدين إبراهيم، دار سعاد الصباح، الكويت، ١٩٩٣.
٤. علي الوردي، من وحي الثمانين، جمع وتعليق سلام الشماع، مؤسسة البلاغ، لبنان، ٢٠٠٧.
٥. غيورغ سورنسن، الديمقراطية والتحول الديمقراطي: السيرورات والمأمول في عالم متغير، ت: عفاف البطاينة، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٥.
٦. فايد العليوي، الثقافة السياسية في السعودية، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠١٢.
٧. مصطفى يوسف كافي، الرأي العام ونظريات الاتصال، دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٥.

**ب_ توێژینەوە و بڵاوکراوەکان**

١. إيمان أحمد، قراءات نظرية وديمقراطية والتحول الديمقراطي، الجزء الثاني، المعهد المصري للدراسات السياسية والإستراتيجية، أسطنبول، ٢٠١٦.

٢. شريف البوشي, الانتقال الديمقراطي العوامل والمراحل والأشكال, المعهد المصري للدراسات, اسطنبول, ٢٠١٩.
٣. عائشة أحمد حسن، التغيير السياسى المعاصر من خلال فقه والاولويات، المجلة الجامعة، المجلد (٣)، العدد(١٨), أغسطس ٢٠١٦.
٤. مشتاق طلب فاضل، دور مواقع التواصل الاجتماعي في تكوين الرأي العام المحلي ٢٠١٤-٢٠١٧، مجلة تكريت للعلوم السياسية، العدد (١٢)، بدون مكان وسنة النشر.
٥. نجم الدين محي الدين الريكاني، تفسير العجز الديمقراطي في العراق من منظور الثقافة السياسية: دراسة سوسيو_سياسية، جامعة دهوك- كلية القانون والعلوم السياسية، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، المجلد (١٠)، العدد (٣٧)، العام ٢٠٢١.

**ج _ تێزی دکتۆرا و ماستەرنامەکان**

١. إبراهيم عبد السلام أحمد عبد المطلب، معوقات التنمية السياسية وأثرها على استقرار السياسي في السودان، رسالة ماجستير، جامعة النيلين، كلية الدراسات العليا، قسم العلوم السياسية، ٢٠١٨.
٢. حليلو نبيل، التنمية في ضوء الثقافة السياسية للطالبة الجامعيين: دراسة على عينة من الطلبة الجزائريين بالجامعات الجزائرية، الأطرحه دكتوراه، جامعة محمد خيضر- بسكرة/ كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية/ قسم العلوم الاجتماعية، السنة ٢٠١١-٢٠١٢.
٣. شيماء بلونيس، دور وسائل الإعلام والاتصال الجديدة في التغيير السياسي، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي – أم البواقي، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية، السنة الجامعية ٢٠١٤_٢٠١٥.
٤. نيفين محمد ابو هربيد، دور وسائل الاعلام المحلية والمسموعة والمرئية في التنشئة السياسية للشباب الفلسطيني في قطاع غزة، رسالة ماجستير، جامعة الازهر - غزة - كلية الاقتصاد والعلوم الادارية - قسم العلوم السياسية، ٢٠١٠.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

**أ_ کتێبەکان**

1. Abdelwahab El-Affendi, Political culture and the crisis of democracy in the Arab world, in: Ibrahim Elbadawi, Samir Makdisi (editors), Democracy in the Arab World: Explaining the Deficit, Routledge, London, 2011.
2. B. C. Smith, understanding Third world politics: Theories of political change and development, 2nd ed. Palgrave Macmillan, London, 2003.
3. Betty A. Dobratz, Lisa K. Waldner And Timothy Buzzell, Power, Politics, And Society: An Introduction To Political Sociology, Routledge, London, 2016.
4. Cameron Ross, Urban Politics and Democratization in Russia, Routledge,

London, 2009.

5. Christian W. Haerpfer, Democracy and Enlargement in Post-Communist Europe: The Democratization of the General Public in 15 Central and Eastern European Countries, 1991-1998, Routledge, London, 2002.
6. Ethan B. Kapstein, Nathan Converse, the fate of young democracies, Cambridge university press, Cambridge, 2008.
7. Gabriel A. Almond, Sidney Verba, the civic culture-Political Attitudes and Democracy in Five Nations, Princeton University Press, New Jersey, 1963.
8. George Thomas Kurian (editor-in-chief) et al, the encyclopedia of political science, CQ Press, Washington D.C. 2011.
9. Great thinkers, The School of Life press, London, 2016.
10. Herbert Marcuse, One-dimensional man: studies in the ideology of advanced industrial society, Routledge Classic, London, 2002.
11. Jimmie Manning, Social media, definition and classes of, In: Kerric Harvey (editor), Encyclopedia of social media and politics, Vol. 3, Sage, Thousand Oaks, California, 2014.
12. John R. Bradley, After The Arab Spring; How Islamists Hijacked The Middle East Revolts, Palgrave Macmillan, 2012.
13. Kenneth Newton, Jan W. Van Deth, Foundations Of Comparative Politics: Democracies Of The Modern World, 2nd ed. Cambridge University Press, Cambridge, 2010.
14. Larry Diamond, et al. consolidating the third wave democracies, The Johns Hopkins University Press, London, 1997.
15. Manuel Castells, Communication Power, Oxford University Press, Oxford, 2009.
16. Philip N. Howard, Muzammil M. Hussain, Egypt and Tunisia: the role of digital Media, in: Larry Diamond, Marc F. Platter (editors), Liberation Technology; social media and the struggle for democracy, The Johns Hopkins University Press, Baltimore, 2012.
17. Raymond Hinnebusch, Prospect for democratization in the Middle East, in: Birgitte Rahbek (editor), Democratization in the Middle East: Dilemmas and

Perspective, Aarhus University Press, Aarhus, 2005.

18. Rebecca MacKinnon, China's "Networked Authoritarianism" in: Larry Diamond, Marc F. Platter (editors), Liberation Technology; social media and the struggle for democracy, The Johns Hopkins University Press, Baltimore, 2012.
19. Rod Hague, Martin Harrop and John McCormick, political science: A Comparative Introduction, 8th ed. Palgrave Macmillan Education, New York, 2016.
20. Yahya R. Kamalipour, Media, Power, and Politics in the Digital Age: the 2009 presidential election uprising in Iran, Rowman & Littlefield Publishers, Inc. Plymouth, 2010.

ب _ گۆڤار و بڵاوکراوەکان

1. Abdurashid Solijonov, Voter Turnout Trends around the World, International Institute for Democracy and Electoral Assistance (IDEA), Stockholm, 2016.
2. Abraham Diskin, et al. Why democracies collapse: the reasons for Democratic failure and success, International Political Science Review, London, Vol. 25, No. 3, 2005.
3. Ashly Esarey, Xiao Qiang, Digital Communication and political change in China, International Journal of Communication 5, 2011.
4. Ibrahim Demir, Coskun Can Aktan, Resistance To Change In Government: Actors And Factors That Hinder Reform In Government, International Journal Of Social Sciences And Humanity Studies, Vol. 8, No. 2, 2016.
5. John O. Voll, Islam and Democracy: is modernization a barrier? Religious Compass, Blackwell Publishing, 2006.
6. Joseph S. Nye, Public Diplomacy and Soft Power, The Annals of the American Academy of Political and Social Science, 2008.
7. Luca Ferrini, why is tournout at elections declining across the democratic world? E- International relations, Sep 27, 2012.
8. Vincent Durac, Protest movements and political change: an analysis of the 'Arab uprisings' of 2011, Journal of Contemporary African Studies, Vol. 31, No. 2, 2013.

ج _ تێزی دکتۆرا و ماستەرنامەکان

1. Ahmed Hama Gharib, Political Communication and the Media in Kurdistan, Doctoral thesis, Sheffield Hallam University, 2016.